# خوێندنی ئامادەکاری لە ئێسپوو

**ئەم ڕێنمایيە پێشەکێکە لە سەر خوێندنی ئامادەکاری لە ئێسپوو.**




FARSI

ESPOO
ESBO

## خوێندنی ئامادەکاری بۆ کێیە؟

خوێندنی ئامادەکاری بۆ منداڵان و گەنجانی تەمەن 7 بۆ 16 ساڵانە کە هێشتا زمانی فینلەندی نازانن. منداڵان و گەنجان دەتوانن لە ڕێگەی خوێندنی ئامادەکاری بچنە قوتابخانە تەنانەت ئەگەر مۆڵەتی نیشتەجێ بوونیان لە فینلەندە نەبێت.

## خوێندنی ئامادەکاری چیە؟

خوێندنی ئامادەکاری ئاماژەیە بۆ فێرکردن و وانە وتنەوەیەک کە تیایدا قوتابیان فێری زمانی فینلەندی دەبن و توانایی پێویست بۆ خوێندنی بابەتە جیاوازەکان بەدەست دێنن.

زمانی وانە وتنەوە لە خوێندنی ئامادەکاری فینلەندیە. هەفتانە 23 تا 26 کاتژمێر وانەووتنەوە هەیە. خوێندنی ئامادەکاری نزیکەی ساڵێک پێشکەش دەکرێت.

قوتابیان لە گروپێکی بچووکی لە لایەن مامۆستایەک فێر دەکرێن. هەروەها لە گروپەکەدا کەسێک وەک یاریدەدەری خوێندن هەیە کە لەماوەی وانەکەدا یارمەتی قوتابیەکان دەدات.

## ئامانجی خوێندنی ئامادەکاری چیە؟

خوێندنی ئامادەکاری یارمەتی قوتابیان دەدات

1. لەگەڵ ژینگەی قوتابخانەی فینلەندی ئاشنا بن
2. فێرب زمانی فینلەندی بن
3. لە خوێندنی ئامادەکاری هەنگاو بە هەنگاو بڕۆن بۆ پەروەردەی گشتی، یانی ئاسایی.

## قوتابی لە خوێندنی ئامادەکاری پەروەردەی سەرەتایی چی دەخوێنن؟

**لە پۆلی 1بۆ 6 ، قوتابیان ئەمانە دەخوێنن**

- زمانی فیلاندی
- بیرکاری
- ئینگلیزی
- توێژینەوەی ژینگەیی
- پەروەردەیی جەستەیی
- موزیک
- هونەری بینراو
- کاری دەستی

سەرەڕای ئەم بابەتانە، بابەتی مێژوو و بابەتە کۆمەڵایەتیەکان لە پۆلی 4 بۆ 6 دەخوێنرێن. دوایین بابەتی زیادکراو، بەو بابەتانەی کە قوتابیان دەیخوێنن خوێندنی زمانی سویدییە لە پۆلی 6.



Ikkala Unto ©

## لە خوێندنی ئامادەکاری قوتابیان بۆ قوتابخانەی پێش ئامادەیی چی دەخوێنن؟

**لە پۆلی 7 بۆ 9 ، قوتابیان ئەمانە دەخوێنن**

- زمانی فینلەندی
- بابەتی مێژوو و بابەتە کۆمەڵایەتیەکان
- بیرکاری
- پەروەردەی تەندروستی
- ئینگلیزی
- فیزیا
- زمانی سویدی
- کیمیا
- پەروەردەیی جەستەیی
- بایلۆجی
- موزیک
- جوگرافیا
- هونەری بینراو
- ئابوری ماڵەوە
- کاری دەستی

## له قوتبخانه پرۆگرامێکی خوێندن بۆ قوتابی ئاماده دەکرێت

پلانی خوێندن بۆ هەر قوتابییەک ئامادە دەکرێت. پرۆگرامی خوێندن بریتیە لە پلانێک کە ئامانجەکانی خوێندن قوتابی لە قوتابخانە دیاری دەکات.

مامۆستا، قوتابی و سەرپەرشت(ەکان) بەیەکەوە پرۆگرامی خوێندن ئامادە دەکەن.

## Wilma چیە؟

Wilma بریتیە لە بەرنامەیەکی دیجیتاڵی کەوا لە قوتابخانەکان بەکاردێت. Wilma دەکرێت لە سەر کۆمپیۆتەر یان مۆبایل بەکاربێت.

لە Wilma، مامۆستا، قوتابی و سەرپەرشت(ەکان) دەتوانن پەیام بۆ یەکتر بنێرن. هەروەها Wilma خشتەی کاتی قوتابی هەیە.

## کام قوتابخانەی ئێسپوو خوێندنی ئامادەکاری پێشکەش دەکات؟

خوێندنی ئامادەکاری لە چەندین قوتابخانەی ئێسپوو پێشکەش دەکرێت. ئەگەر خوێندنی ئامادەکاری لە نزیکترین قوتابخانە لە ماڵی قوتابییەکە بەردەست نەبێت، پێویستە قوتابییەکە بچێتە قوتابخانەیەکی دیکە. قوتابی دەتوانێت بە پاس، شەمەندەفەر یان میترۆ بچێت بۆ قوتابخانە.

ئەگەر ماوەی ڕۆیشتن بۆ قوتابخانە زۆر دورو و درێژ بێت، دەکرێت بلیتێک بۆ قوتابییەکە دابین بکرێت کەوا گەشتەکە لەخۆگرێت. بۆ وەرگرتنی بلیت پێویستە سەرپەرشتی قوتابییەکە داواکاری پێشکەشی قوتابخانەی قوتابییەکە بکات. بلیتەکە بە خۆڕاییە، بەو واتایەی قوتابخانە پارەکەی دەدات.

قوتابیانی پۆلی 1 بۆ 2 بلیتیان پێدەدرێت ئەگەر گەشت بۆ قوتابخانە لە 3 کیلۆمەتر زیاتر بێت.

قوتابیانی پۆلی 3 بۆ 9 بلیتیان پێدەدرێت ئەگەر گەشت بۆ قوتابخانە لە 5 کیلۆمەتر زیاتر بێت.

## پێویستە قوتابیان چی بۆ قوتابخانە بێنن؟

- جانتای پشت و کیفی پێنووس.
- جل وبەرگی ئاسودە بۆ وانەکانی وەرزش.

## قوتابیان لە قوتابخانە چی بەخۆڕایی وەردەگرن؟

- کتێب و دەفتەر
- پێنوس و ڕەشکەرەوە
- نانی نیوەڕۆ



Ariadna Pyulze ©

## دەمەوێت منداڵەکەم یان کەسە گەنجەکەم بچێتە خوێندنی ئامادەکاری.

## پێویستە چی بکەم؟

هەر کە منداڵەکە یان کەسە گەنجەکە گەیشتە فینلەندە داواکاری پێشکەش بکە بۆ شوێنێک لە خوێندنی ئامادەکاری بۆ منداڵەکەت یان کەسە گەنجەکەت.

لە فینلەندا، ساڵی خوێندن لە هەفتەی دووەمی مانگی ئاب/ ئاگوست دەستپێدەکات و لە هەفتەی 22 کۆتایی دێت. بەڵام، لە گشت کاتی ساڵ دەتوانیت داواکاری پێشکەش بکەیت بۆ شوێنێک لە خوێندنی ئامادەکاری.

### چۆنیەتی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ شوێنێک لە خوێندنی ئامادەکاری

ئیمەیل بنێرە بۆ valmistava@espoo.fi


1. لە ئیمەیلەکەتدا بنووسە "من داواکاری پێشکەش دەکەم بۆ خوێندنی ئامادەکاری بۆ منداڵەکەم."
2. لە ئیمەیلەکەتدا بنووسە
   - ناوی سەرپەرشتی منداڵەکەت
   - ناو و رێکەوتی لەدایکبوونی هەموو ئەو منداڵانەی لە تەمەنی قوتابخانە دان
   - ناونیشانی ماڵەکەت لە ئێسپوو
   - ئەو وڵاتەی کەوا لێیەوە هاتوویت بۆ فینلاندە.
3. ئینجا چاوەروانی وەڵام بکە. رێکخەری خوێندنی ئامادەکاری بە زووترین کاتی گونجاو وەڵامی پەیامەکەت دەدات. رێکخەرەکە رێنمایی زیاتر بۆ دەنێرێت.

**زانیاری زیاتر دەربارەی خوێندنی ئامادەکاری دەکرێت لە سەر وێبسایتی شاری ئێسپوو وەربگیرێت.**



Ariadna Pyulze ©

شاری ئێسپوو, خوێندنی بنەرەتی فینلەندی
خزمەتگوزاریەکانی پەروەردەی فرە کەلتوری, میلۆرا Meliora



ژیانی کارکردن
زانکۆکانی زانستە
کارپێکراوەکان و زانکۆکان
بڕوانامەی پیشەی
تایبەتمەند
ئەزموونی کاری
بڕوانامەی پیشەیی
ئەزموونی کاری
لێهاتویی دوانەیی
خوێندنی ئامادەیی گشتی
بڕوانامەی خوێندنی
ئامادەیی پیشە
TUVA (پەروەردەی ئامادەکاری بۆ خوێندنی
بڕوانامە) ،
TELMA (پەروەردەی ئامادەکاری بۆ کار و ژیانی
سەر بەخۆ) ساڵێک خوێندن لە قوتابخانەی ئامادەیی
فۆلکلۆر بۆ گەنجان لە تەمەنی خوێندنی زۆرملێ
پرۆسەی پێشکەشکردنی هاوبەش بۆ ڕاهێنان
و پەروەردە دوای خوێندنی بنەڕەتی
گرێبەستی فێرکاری پیشە
AIPE خوێندنی بنەڕەتی بۆ گەورە
ساڵان
پەروەردەی بنەڕەتی
قوتابخانەی سەرەتایی | قوتابخانەی ناوەندی
خوێندن ئامادەکاری بۆ خوێندنی
بنەڕەتی
خوێندنی بەرلە سەرەتایی
خوێندنی زۆرەملی بۆ منداڵان و گەنجانی تەمەن 7 بۆ 18 ساڵان